ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داواکاریەکانی کورد لەبارەی سەرژمێری گشتی تاوتوێدەکات

ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبێتەوە و داواکاریەکانی حکومەتی هەرێم لەبارەی پرسی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان تاوتوێدەکات.

بەیاری ئەمڕۆ سەشەممە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆبێتەوە و یەکێک لە تەوەری کۆبوونەوەکەش تاوتوێکردنی داواکاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان کە بەیاری لە 20و 21ی ئەم مانگە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.

داواکاریەکانی کورد پێکهاتوون لەوەی کە لە سەرژمێری دانیشتواندا هاووەتیان لەسەر شارەکانی خێیان تەماربکرێن، لەبەر رووندانی گۆڕانی دیموگرافی بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها نوێنەری حکومەتی هەرێم لە سەنتەری داخڵکردنی داتاکان لە بەغداد ئامادەیی هەبێت.